The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# نوسینگەی سەرەک وەزیرانی سوید وەڵامی نامەی چاک دەدەنەوە

## ئەمنستی نامەی چاکمان پێشتر بە دەست گەیشتووە

## ئاژانسی دەنگ و باسی سویدی , ئەگەر دۆزی د.کەماڵ چارەسەر نەکرێت

## لە قاوی دەدەین

دوای ئەوەی بە نامە و ئمێل پەیوەندیمان بە مەکتەبی هەریەک سەرۆک وەزیران و وە زیری دەرەوەی سویدەوە کرد لە سەرەتادا نوسینگەی سەرەک وەزیران وەلامی ئێمەیان بە تەلەفۆن دایەوە و دواتر بە م ئمێل ئەدرێسە بیرورای خۆیان بە نووسین دەربری سەبارەت بە زیندانی کردنی د کەمال سەید قادر,ئێمە لێرەدا ناوەرۆکی ئمێلەکە وەک خۆی بلاو دەکەینەوە .

بەرێز جەنابی کەریم

وەلامی نامەی 11-11-05 ی بەرێزتان بۆ سەرەک وەزیران یۆران پەرشۆن و ئیمیلەکەتان 10-11-05 بۆ وەزیری دەرەوە لەیلا فرەیڤالد ، سەبارەت بە چارەنوسی دکتور کەمالی سەید قادر.
حکومەتی سوید زۆر بە هەستیاریەوە لە پێشێل کاریەکانی مافی مروڤ ئەروانێت. سوید بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە مافەکانی مروڤ پێشێل نەکرێن و هەروەها ئەروپای یەکگرتوو و نەتەوە یەکگرتوەکانیش لەمبارەوە هەول ئەدەن .
سەبارەت بە چارەنوسی دوکتور کەمال ، حکومەتی سوید ناتوانێت راستەوخۆ بەشدار و چالاک بێت. بە پێ ی زانیاریەکانی بەرێزتان دکتور کەمال هاولاتیەکی نەمساوییە و لە باکوری عێراق (باشووری کوردستان)بێسەر و شۆێن کراوە ، هەر بۆیە داواتان لێ ئەکەم پەیوەندی بە بالۆێزخانەکانی ئەو دوو ولاتەوە بکەن لە ستوکهۆلم..
دانیەل ئیمیلسۆن
وەزارەتی دەرەوەی سوید.
05-11-23 ستوکهوێم

Bäste herr Karim.

Med anledning av ert brev till statsminister Göran Persson (inkommet 05-11-11) och ert e-mail till utrikesminister Laila Freivalds (inkommet 05-11-10) angående försvinnande av fil.dr Kamal Sayd Qadir.

Den svenska regeringen ser allvarligt på alla kränkningar av de mänskliga rättigheterna. Sverige verkar för att de mänskliga rättigheterna ska efterlevas och respekteras och detta viktiga arbete bedrivs såväl bilateralt som via EU och FN. Avseende det enskilda ärendet som Ni hänvisar till har den svenska regeringen ingen möjlighet att agera direkt. I och med att

fil.dr Kamal Sayd Qadir enligt Er uppgift är österrikisk medborgare vill vi uppmana er att ta kontakt med den österrikiska ambassaden i Stockholm. Enligt Er uppgift har försvinnandet skett i norra Irak och därför vill vi även uppmana er att framföra ert ärende till den irakiska ambassaden i Stockholm.

Daniel Emilson

---

Daniel Emilson
Depssek. UD-MENA/Desk Officer MFA
Nordafrika & EU-samordning/Northern Africa & EU
Tel: 08-4052449
Mobil: 0708-991821

**وەڵامی دووەم**

**ئێمە پەیوەندیمان به ئەمنستییەوە کرد لە وڵاتی سوئید , لە وەلامدا وتیان ئەوان ئاگادارن پێشتر و نامەی ناوەندی هەلەبجەمان پێ گەیشتووە,ئێمەش بەراپۆرتێک ئاگاداری سەنتەری رێکخراوەکەمان لە لەندەن کردوە چاوەروانی وەڵامین ,ئەوەشیان راگەیاند ئەوان بە ردەوام دەبن لە بەدوا چونی زیندانی کردنی د کەمالدا.**

**ئاژانسی دەنگ و باسی سویدی**

**هەروەها ناوەندەکمان پەیوەندی کروە بە ئاژانسی دەنگ و باسی سویدیTT بریاریان دا بەدواداچوون بکەن لە سەری و و بیکەن بەهەوالێک بۆ سەرجەم کەنالەکانی راگەیاندنی سویدی , کە بریاربو پەیوەندی بگرن بە نوێنەری پارتی لە ستۆکهۆلم,بەلام دوای ئەوەی پەیوەندیان بەخوشکی د کەمالەوە کرد لە 9 ی مانگدا ,ئەوەی ئاماژە پێ کردبوو کە کە بنەمالەکەی توانیویانە ببینن بۆیە هەوالەکەیان بلاونەکردەوە, بەلام ئەوەیان بە ئێمە راگەیاندوە ئەگەر گۆرانێکی نوێ رووبدات ئەوان هەولی بەدوا چوونی دەدەن و هەواڵەکانی بڵاودەکەنەوە .**
**ئێمە لێرەدا ئەوە رادەگەیەنین ئەگەر د کەمال کێشەکەی رێچکەی یاسایی نەگرێت لە ماوەیەکی نزیکدا پەیوەندی بەکەنالەکانی را گەیاندن و پارتە سیاسیەکان و رێکخراوە مرۆڤ دۆستەکانی وولاتی سویدەوە دەکەین , تەواوی کێشەکەیام وەک خۆی پێ ڕادەگەیەنیین .**